

## بۆ عاشقێکی درۆزن ...هۆنراوەی  شالاو علي

ووشەکانت
هێندە کۆن و بۆگەنیوون
کەسێک نییە پێت باوەڕ کات
بلێت وایە
هەرچی دەلێی
چی دەنووسی بۆ چەواشەی چاوی عەشق
هەر تەنیا بۆ خۆت ڕیسوایە
هێندەت گوت وهێندەت نووسی
لەپەلاماری دڵ وگوڵ
فوو لەچرای شەوەزەنگی شاعیر دەکەی
لەدوورەوە سەیری سەمای
خە می دلی پڕ سۆ دەکەی
بێ گومان بە هەرچی دەلێی درۆ دەکەی
هەگبەیەکی بۆشت لایە
ئاخر ئەتۆ کەی دەزانی
نامەی دلداری و جوانی
بنووسی بۆ بەژن وبالای
شاعیرێکی ئەرخەوانی
ئاخر ئەتۆ کەی دەتوانی
بە دوو ڕووی بێ ناونیشانت
بە فرۆفێلی چاوانت
بە فریوی نەخشە تازەکەی زمانت

**به قەد بالای بەرزی سەفین هەڵبگەڕێی**
**دەپێم بڵێ**
**بێجگە لەئەتک کردنی ... ووشەی ناسک**
**چۆن دەتوانی بەگژ زام و ئازاری برین هەڵگەڕێی**
**ئەتۆو شیعر ... وەکوئەرزو ئاسمانن**
**ووشەکانت لەڕاست بالاّی بەرزی ژانم**
**بێ زمانن**
**هەتا زووە قەڵەمەکەت ووردو خاشکە و**
**لێی کڕ کەوە**
**بۆ بەزەیی هەموو دڵدارانی ئێرە**
**بڕۆ ئیتر لێی بخەوە**
**ئەوەی کە تۆ دەیلێیتەوە ... چەندین ساڵە کردت بە خو**
**هەموو خەلک چاک دەزانن**
**لەدەمی هەڵەوەڕیت دەرچوو**
**ئیتر بڕۆ لە ئاوێنە سەیری بالاّی کورتی خۆت کە**
**خۆت دەزانی کە ئەوە نی**
**نەک هەر خەلک**
**من دڵنیام**
**بەڵکو خۆشت بەخۆت پێدەکەنی ...**